# شوناسی هەر نەتەوەیەک زادە و دەرهاویشتەی خاکەکەیەتی

کەمال فارووق (*)

خـاک سـەرچاوەی بوونـە، لـەم بوونـەوە زمـان و پۆشـاک و کولتـوور و هونـەر و گۆرانـی پێویسـتییەکی ژیـاری و دەروونـی و کۆمەڵایەتـی مرۆڤـەکان سـەرهەڵدەدەن، ئـەم ڕەگەزانـە شوناسێک بـۆ کۆمەڵە خەڵکێـک لـە ناوچەیەکـی جوگرافـی دەخوڵقێنـن کـە دواتر بە ڕەگەزی نەتەوەیی دەناسرێن و تایبەتمەندیی خۆیـان هەیـە و جیـاوازە لـە نەتەوەیەکـی تـر، بـەو پێیـەش خـاک و نەتـەوە دوو ڕووی یـەک دراون و لـە یەکتـر جیانابنـەوە.

لـەم ڕوانگەیەشـەوە خاکپەرسـتی و نەتەوەپەرسـتی وەک پێویسـتییەکی سروشـتیی- دەروونی بۆ تاکەکانی نەتەوەیـەک کارێکـی ڕەوایـە، کەواتـە ڕەگەزپەرسـتی نەتەوەیـی لـە ڕوانگـەی خاکپەرسـتییەوە کارێکـی نـاڕەوا و نارسیسـتانە نییـە، بەڵکـوو خۆشەویسـتی مرۆڤـە بـۆ خاکەکـەی و هەرچیـش لەسـەر خاکەکەیـە خۆشەویسـتە و بەگیـان دەیپارێـزێ و بەرگـری لـێ دەکات تـا ڕادەی گیـان بەختکـردن.

بۆیـە نەتـەوە زادە و دەرهاویشـتەیەکی ئەزەلـی خاکـە و پێـش هـەر دیاردەیەکـی تـری کۆمەڵایەتـی و ئایینـی خۆڕسـکانە دروست دەبێـت، کـە مـرۆڤ ناتوانـێ دەسـتبەرداری ئـەو خاکـە بێـت کـە لێـی لەدایکبـووە، تەنانـەت ئـەو سـپێرم و هێلکەیـەی مـرۆڤ لێـی دروسـت بـووە لـەو ماددانـە پێکهاتووە کـە لەنـاو خاکدایـە.

بۆیـە تایبەتمەندییـە بایۆلۆجییەکانـی، هـەر لـە ڕەنگـی پێسـتەوە تـا هێـز و بـەژن و بـاڵا

و شـێوازی کەڵلەسـەر و تونـدی و نەرمـی و بـاری دەروونـی تاکـی خاکێکـی دیاریکـراو، زادە و دەرهاویشـتەی ئـەو خاکەیـە، هەروەهـا زمـان و پۆشـاک و خـۆراک و کولتـوور و هونـەر و ئاییـن و تایبەتمەنـدی دەروونـی لـە ئـارەزووی ئـازادی تاکەکانـی و پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی هـەر ڕەنگدانـەوەی ئـەو خاکەیـە کـە ڕەگـەزی نەتەوەیەکـی دیاریکـراوی لەخـۆی گرتـووە و بـە هەموویـان مـۆرک و شوناسـی نەتەوەیـی پێکدێنـن.

بۆیـە لەوەتـەی مێـژوو هەیـە، جەنـگ لەسـەر ئـەو خاکـە دروسـت بـووە و تاکـی نەتەوەیـەک گیانفیـدای خاکـی خـۆی بـووە، یـان خاکەکـەی داگیرکـراوە و شـوێنەواری ئـەو داگیرکارییـەی تێدا نەخشـێنراوە، خاکـی کـورد زاگرۆسـی کوردسـتانە و لای تاکەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردەواری پیـرۆز و خۆشەویسـتە، تاکـی هیـچ خاکێکـی تـر لـە ئێمـە ناچێـت و ئێمـەش لـەوان ناچیـن، تایبەتمەنـدی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و جەسـتەییمان جیـاوازە، نەتـەوەی کوردیـش زادەی سروشـتی خاکـی دایکە، سروشـتی ئـەم خاکـە و دیرۆکـی جووڵـەی مرۆڤـە نیشـتەجێیەکانی بووەتـە سـەرهەڵدانی زمـان و هزر و کولتـوور و شـێوازی ژیـان و جۆرێـک پۆشـاک و هەسـتێکی خۆرسـکیی نەتەوەیـی جیـاواز، کـە نەتەوەکـەی پێ دەناسرێتەوە و دەبێتە شوناسـێک لـە شوناسـی نەتەوەیەکـی تـر ناچـێ.

ئەریک فـرۆم (١٩٠٠-١٩٨٠) (١) پێـی وایە مرۆڤ تەنیـا بوونەوەریکـی بایۆلۆجـی نییـە، بەڵکـوو دەرەنجامـی کارلێککردنـی ئاڵۆزیـی نێوان فاکتەری دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و ژینگـەی جوگرافیـا (خاک)ـە، بە پێی ئەریک فرۆم جوگرافیا و شوێن، کار لە پێکهێنانی کەسـێتی و فەرهەنـگ دەکـەن، پاشـان لـە پێکهێنانـی ڕەفتـاری کۆمەڵایەتـی و بۆچوونـە دەروونییـەکان بەشـداردەبن، کـە دەبنـە ناوەرۆکـی پێوەنـدی مـرۆڤ بـە شـوێنەوە، ئەریـک فـرۆم پێنـج پێویسـتی دیـاری کـردووە کـە بـە خـاک و ژینگـەوە پێوەنـدن، لەوانـەش ئینتیمـا و ڕەگورپیشـە و پایـەداری و هەسـتکردن بـە شـوناس و چوارچێـوەی ئاراسـتەکردن.

ئـەم پێویسـتییانە بەبـێ هەسـتکردن بەبوونـی خاکـی نەتەوەیـی تێرنابـن و لێرەشـەوە نامۆبوونـی نەتەوەیـی دەسـت پـێ دەکات، بەتایبەتـی بـۆ خاکـی داگیرکـراو، خاکـی زاگرۆسـی کوردسـتان کـە شـاخاوی و سـەختە، جیـاوازە لـە خاکـی بیابانـی عـەرەب نشـین و خاکـی نەتەوەکانـی تـری وەک تـورک و فـارس، بۆیـە نابـێ کـەس بەنـاوی مرۆڤدۆسـتییەوە، یـان بـە نـاوی ئایینـی، یـان سـەرمایەگوزاری و کاری سیاسـی و بەهـۆی کارەسـاتی سروشـتی خاکەکـەت داگیـر بـکات و خەڵکـی دی لەسـەری نیشـتەجێ بـن و ببنـە هەڕەشـە بـۆ سـڕینەوەی مۆرکـە نەتەوەییەکـەی و گۆڕینـی دیموگرافیاکـەی.

بوونـی کـورد بـە خاکەکەیـەوە بەسـتراوە، بۆیـە ناپاکـی لەگـەڵ نەتـەوە بـە فەرامۆشـکردنی زمـان و کولتوورەکـەی دەسـت پـێ دەکات، تەنانـەت هەڵگـری هـەر ئاییـن و بیروباوەڕێکیـش بیـت دەکرێ هـەر بـە زمانـی دایک پەیـڕەوی ئـەو ئایینە بکەیـت و مۆرکێکـی کۆمەڵایەتـی- نەتەوەیـی پـێ ببەخشـێت.

ئەبکراتـی فەیلەسـووف (٤٦٠ -٣٧٥پ.ز) (٢) لـە کتێبەکـەی بـە نـاوی ئـاو و هـەوا و وڵاتـان، دووپاتـی کردووەتـەوە تۆپۆگرافیـا بـە کەشـوهەوا و سروشـتی خـاک و بـەرزی و نزمـی و بـا و وەرزەکانییـەوە، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و سـەرەکی کاریگـەری لەسـەر تەندروسـتی مـرۆڤ و سروشـت و نەخۆشـییەکانەوە هەیـە، ئـەم کارەی ئەبکـرات لـە یەکەمینـی ئـەو کارانەیـە کـە پزیشـکێتی و داکەوتـەی جوگرافـی و مێـژووی میللەتانـی پێکـەوە بەسـتووەتەوە، بەپێـی قسـەی ئـەم زانایـە دیارتریـن کاریگـەری تۆپۆگرافیـا لـە کاریگـەری کەشـوهەوا خـۆی دەبینێتـەوە کـە پێـی

وایـە کەشـوهەوا شـلەکان (اخـلاط - أمزجـة) ی جەسـتەی مـرۆڤ، تەندروسـتی و فسـیۆلۆگی دانیشـتوانی ناوچـە جیـاوازەکان دیـاری دەکات،

هەروەها سروشتی خاک و مۆرکەکەی فاکتەرێکی تـرە لـەو کاریگەرییانـە کـە نەخۆشـییەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان، بە گۆڕینی جوگرافیـای شـوێنەکە دەگۆڕێـت وەک (ناوچـەی شـاخاوی-کەنـاراوی-گـەرم و سـارد و خاکـی لـم و نەوتـاوی و.... تـاد)، بـەو پێیـە تایبەتمەندییـە دەروونـی و تەندروستییەکان ڕەنگدانەوەی جۆری جوگرافیاکەیە و پۆشـاک و خۆراکیـش لـەم جوگرافیایـەوە ڕێچکـە دەگـرن، خۆراکـی ناوچەکانی زاگرۆسی کوردسـتان بریتـی بـووە لـە پـۆڕ و کـەو و سوێسـکە و مامـز و پەلـەوەری تـری ناوچەکـە، لەگـەڵ ڕووەکگەلێکـی بەسـوود و نـەرم، هـەر لـە کەنگـر و دۆمـەڵان و قارچـک و گیـای جۆراوجـۆری بەهـارە، ڕەنگـە خواردنـی تۆپۆگرافیـای بیابـان جیـاواز بێـت، کـە زیاتـر پشـت بـە خشـۆکەکانی دەبەسـتن، وەک مارمێلکـە و قومقومـۆک و جرجانـەوەری تـری دەرهاویشتەی خاکەکە و گیانداری تری وەک وشتر کـە بەخێوکردنـی لـە دەشـت و بیابـان گونجـاوە و بـۆ خـواردن زیاتـر پشـت بـە درک و داڵـی وەک وشـترخۆر و گیـای دیکـەی ناوچەکـە دەبەسـتێت، گۆشـت و شیرەکەشی لە گۆشـت و شـیری گیانداری ناوچەکانـی زاگـرۆس جیـاوازە، خواردنیشـیان کاریگـەری لەسـەر ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی مرۆڤەکانـدا هەیـە، ناوچـە ئاوییەکانیـش پشـت بـە خواردنـی دەریایـی دەبەسـتن و کاریگـەری لەسـەر تەندروسـتی و شـلەکانی لـەش، تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە..

بـەو پێیـەش ئەبکرات باسـی کـردووە قووڵایـی کرۆکـی نەتەوەیـی تاکـی کورد لـە شـێوازی ژیانـی ڕۆژانەیـدا تواوەتـەوە و بەرجەسـتە بووە، سـەرنجی خانووەکانـی نیشـتمان و جوگرافیـای نەتـەوەی کـورد بـدەن، هـەر خانـوو و خانۆچکەیـەک پاڵـی داوەتـە ئـەوەی تـرەوە، نـەک هـەر لـە تەنیشـتەوە، بەڵکـوو لـە پشتیشـەوە، ئەمـەش بێجگە لـە جوانی داهێنانی دیزاینی ئەندازیاری و کاری نەخشەسـازی جیـاواز، واتـای کۆمەڵایەتـی و هەسـتکردن بـە ئینتیمـای خـۆی هەیـە و ڕەگوڕیشـەی داکوتـاوە و بووەتـە بەشـێک لـە کەسـێتی مرۆڤـەکان کـە پشـتیان بـە پشـتی یەکتـرەوە داوە و بەرگـری لەیەکتـر دەکـەن، خانووەکانـی ناوچـەی هەورامـان، خانـوو دوای خانـوو و شـان بـە شـانی یەکتـر دروسـت کـراون، ئـەم تەلارسـازییە کـە هیـچ ئەندازەیەکـی گەردوونـی درکـی پـێ نەکـردووە و هیـچ نەتەوەیەکـی تـری دنیـاش بـۆ خـۆی سـازی نەکـردووە، ئـەم جـۆرە پشـتدان بە پشـتی یەکتر و شـاندان بەشـانی یەکتـرەوە، ڕەنگدانـەوەی بـاری سـایکۆلۆجی و فەرهەنگیـی تاکەکانێتـی و بەرجەسـتەی فەرهەنگێکـە لەنـاو خاکێکـی دیاریکـراو کـە خاکـی کوردانـە، کـە دەڵـێ بـرا لـە پشـت بـرا بـێ، مەگـەر قـەزا لای خـودا بـێ.

ئـەم فەرهەنگـە کوردییـە، تێرکردنـی پێویسـتیی تاکـە بـۆ ئینتیمابـوون، بـۆ کۆمەڵەکـەی کـە تێربوونـی لـەم ئینتیمایـە دەروون دروسـتی و خـۆ سـەلماندنی دەگەیەنێـت و دەیگەیەنێتـە لووتکـەی واتاداریـی خاکەکـەی، پێویسـتی مـرۆڤ بـۆ ئینتیمـا، ئـەو چەمکەیـە کـە زانـا فـرۆم ئامـاژەی پـێ داوە و لەوەتـەی گـەردوون گەردوونـە تـاک بـە دوایـدا وێڵـە، کەچـی خۆشـبەختانە تاکـی کوردی زۆر جـوان بـە دەسـتی هێنـاوە و تێـری کـردووە و خاکپەرسـتییەکەی گەیاندووەتـە لووتکـە و هـەر ئـەم هەسـتی ئینتیمایەیـە تاکەکانـی نەتەوەیـەک پێکـەوە گـرێ دەدات و لای ناحـەزان بـە ڕەگەزپەرسـتی نەرێنـی بـاس دەکرێـت.

بـەڵام ئەوەتـا ئیبـن خەلـدوون(٣) دەڵێـت دەمارگیـری کۆمەڵەیـەک یەکگرتنـی کۆمەڵەکـە دەگەیەنێـت، ئـەوەی وا لـە تاکـی کـورد بـکات نەتەوەپەرسـت بـێ، خۆشەویسـتی خاکەکەیـە،

ئەگەر ڕەگەزپەرستی ببێ بە پاراستنی خاک، کەواتە ڕەگەزپەرستی تا ئێرە پۆزەتیڤ و ڕەوای هەقە و دژایەتی و ڕکوکینە ناگەیەنێ، ئەم ئینتیمایە تاکی کورد نەک هەر بە دەستی هێناوە، بگرە لە بنەڕەتدا لە ژیانی ڕۆژانەیدا چێژی لێ وەردەگرێت، ئەی ئەوە نییە لە کاری هەرەوەزی گوندنشینان و جووتیاران هەر لە ساوەر کوتانەوە تا دەگاتە چەمکی شین و شایی بەدەستەوایی فرچکی گرتووە، لە شاییدا توند، ستی یەکتریان گرتووە و ڕەشبەڵەکیش نیشانەی دڵپاکی و یەکسانی نێوان نێر و مێیە، لە دەرەوەی ئەمە هەرچییەکت بینیوە، ئەوە شەقڵی کوردی پێوە نییە و بە کورد نامۆیە، دەستگرتنی کوڕان و کچانی نەتەوەیش ئەوپەڕی هێزی ئینتیمایە.

ئەی فرۆم لە کوێ بوو بێ تۆژینەوەکەی لێرە دەوڵەمەند بکردایە، زانا کارل گوستاڤ یۆنگ دەیتوانی بۆ نەستی کۆمەڵایەتی پشت بە کۆمەڵگەی کوردی ببەستێ کە نەوە دوای نەوە ئەو هەستە کۆمەڵایەتییەی گواستووەتەوە، بەبێ ئەوەی کاڵ بێتەوە، هیچ ئینتیمایەکی دی بێ زانکۆ و بێ قوتابخانە و بێ قوتابخانەی هونەری هەیە، ئاوا هەستی ئینتمای تەواو بە تاکی کورد گەیشتبێ، خانوویەک شانی بەشانی خانوویەکی ترەوە دابێ و پاڵی پێوە دابێ، کە هەر خانوویەک، یان هەر ماڵێک بە تەواوی مرۆڤەکانی ناویەوە، درەخت و ئاژەڵەکانی ئینتیمایان بۆ پشت و شانی خۆیانەوە هەبێ، ئەی هەر ئەو ئازادییە نییە فرۆم بانگەشەی بۆ دەکات کە وەک پێویستییەکی بنەڕەتی مرۆڤ و پێگەیشتنی کەسایەتی لە ڕەشبەڵەکی کوردیدا دەردەکەوێت، کچ و کوڕانی گوند لەپێناو بەهێزکردنی ڕایەڵەکانی کۆمەڵگە دەستی یەکتریان گرتووە، ئەمەش لە هەرەوەزی ڕنینەوەی نیسک و ماش و نۆک و کاری کۆمەڵایەتی مەرەزە و جووتکردن و گێرە و کۆکردنەوەی خەڵە و خەرمان و مەڕدۆشین دەردەکەوێت کە نێر و مێ پێکەوە دەیکەن .

کەواتە چ هێزێک هەیە ڕایەڵە توندوتۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە شل بکاتەوە و هەستکردن بەم ژیانە پڕ ئینتیمایە کاڵ بکاتەوە، هەر بۆ بەرگری لە نیشتمان، هەمان ئینتیما بەرجەستە بووە و لە مێژووی دوورونزیکی کورددا سنگی کچان بووەتە قەڵغانی گوللە، شاعیری مەزن دەڵێت:

من ئافرەتێکی گوڵ ڕەنگم، شان بە شانی پیاو دەجەنگم، پشتم لە ژێر باڵی هەردووکماندا دەناڵێنی و بەندیخانە خوێندگەمە و تفەنگ مێرد، کچان و کوڕانی ڕۆژاوای نیشتمان و بەدەنگەوەچوونی ڕۆڵەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتیش بەڵگەی زیندوویی کەسایەتی پڕ ئینتیمای نەتەوەیی و خاکدۆستیی تاکی کوردن.

تاکی کورد لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەردەم بیری کردووەتەوە، بیرکردنەوەکانیشی بە ژیانی ڕۆژانەیەوە بەستراوەتەوە، سەرجەم ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەستەکانێتی، یەم هەستانەش وەک ئەلبێرت ئەلیس دەڵێت ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی تاکەکەیە، نانی تیری کوردەواری کە بۆ چەندان مانگ هەڵدەگیرێ، نیشانەی بیرکردنەوەکانی تاکەکانێتی کە دەزانن ڕۆژانی سەختی بەفر و بەستەڵەک ڕێگەکان دەگرن و مرۆڤ دەستی ناگاتە سەرچاوەکانی خۆراک، بۆیە ئەمان بیریان لەوە کردووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە وەک تایبەتمەندییەکی خاکی زاگرۆس و دانیشتووانەکەی جوانناسی لەناو هەست و نەستی تاکی کورددا بەرجەستە بووە، وەک تێرکردنێک بۆ پێداویستی جوانکاری و هونەری و کۆمەڵایەتی، سەرنجی پۆشاکی ئاڵوواڵای ژنی کورد بدە، تەواو لە گەلانی دەوروبەری جیاوازە کە تژییە لە ڕەنگاوڕەنگی و دەرخستنی جوانیی و هەستکردن پێی و ئاوێزانی لەگەڵ سروشتی خاکی کوردستان، کە

مرۆڤ تێیدا هەست بە ژیان دەکات و پاڵنەری بایەخدان بە ژیان و ژن، وەک پێویستییەکی دەروونی و نەستیی گەشە دەکات، چونکە سروشت ژنی وا خوڵقاندووە جوان بێت و بەلایەوە گرنگە ئەم جوانییە دەرببڕێت، جارێک بە شەدەی لار و جارێک بە هەوری و سنگی پڕ شیلان و مێخەک و چارۆکە و گوبەرۆک و خرخاڵ و کەمەرە و شتی تر، کە ئەمانە پێویستیی جوانی مرۆڤن وەک ئبراهام ماسلۆ ئاماژەی پێ داوە، لە هەرەمی پێویستییەکان لە پێناوی خود بەدیهێنانی کەسەکان و هەستکردن بە واتاو خۆشەویستی بۆ ژیان، بە هەمان شێوە بۆ پیاویش کە وەک تاک ئەویش هەستی جوانی لەلایە و دەیەوێ وەک پێویستییەک تێری بکات بۆ خود بەدیهێنانی سەرنج لە ڕانکوچۆغە و شاڵ و شەپک و فەقێیانە و جوانی و نەرمونیانی کڵاشی هەورامی و کلێتە و پووزەوانە بدە، کە هەرهەموویان تایبەتمەندی خاکێکە، لە ڕەفتار و ئادگاری تاکەکانی ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە هەستێک بۆ یەکگرتنی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە نامۆبوونی خود، کە لە نامۆبوونی هەستی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێت، چونکە بوونی کۆمەڵایەتی، هەستی مرۆڤ دیاری دەکات، نەک بە پێچەوانەوە، کەواتە بوونی نەتەوەیی هەستی نەتەوەیی دروست دەکات.

بۆیە هەموو هەرەشەیەک بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی، هەرەشەیە بۆ سەر نەتەوە، زمان و کولتوور و هونەری ئاواز و موزیکی نەتەوەیی، شوناسی نەتەوەیین، لەبەر ئەوەی ئەم شوناسە بە گوزەرکردنی مێژوو چێ بووە، هەر بە هەمان شێوەش هەرەشەی ڕۆژانە لە خاک و کولتوور دەبێتە هۆی پووکانەوەی شوناس بە گوزەرکردنی مێژوو، بۆیە نابێ چاوپۆشی لە هەرەشە بچووکەکانی سەر ئەم شوناسە بکرێ، لەوانەش دژایەتیکردنی هونەری گۆرانی و کولتووری باوباپیران و هێنانی هونەر و پۆشاکی غەیرە کوردی بۆ ناو کۆمەڵگە.

نەورۆز و سروودی ئەی ڕەقیب، نموونەی زیندوون کە بەرپەرچدانەوەی پەلامار و زوڵمی داگیرکەرانە و بۆ کورد بوونەتە سمبۆلی نەتەوەیی و یەکگرتنی نەتەوەی کورد لەتەواوی جیهاندا کە بەرزراگرتنی نیشانەی زیندوویێتی نەتەوەیی دەگەیەنێ.

بەهەمان شێوە هیگڵ (٤) پێی وایە تۆپۆگرافیا کاریگەری لەسەر ڕۆحی مێژوو هەیە و ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینێ و بە شانۆیەک ناوی دەبات، یان بە بنەمایەکی ماددی ناوی دەبات بۆ چالاککردنی ڕوح، هیگل بە پێی تایبەتمەندییە ڕۆحییەکان جیهان دابەش دەکات و کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا بە قەتیسی سروشتی ناودەبات کە لە گەشەکردنی گەلان ڕێگرە، بەڵام پێی وایە ئەوروپا لە لووتکەی ئازادین، هیگڵ پێی وانییە زەوی تەنیا شوێنێک بێت، بەڵکوو بنەمایەکە مێژوو لەسەری وەستاوە، کە بزاڤی پێوەندی کۆمەڵایەتیی خەڵک دەگەیەنێت، بێگومان ئەمەش وەک شوناسێک بە زمانەوە بەستراوە کە ئەویش زمانی نەتەوەییە، بۆیە ئەوەی زیندوویێتی کورد ڕادەگرێت، زمان و هونەری گۆرانی و پۆشاک و کولتوورەکەیەتی و نابێ لەناو بچێت.

لەلایەکی ترەوە ئیبن سینا لە کتێبە پزیشکییەکانیدا پێویستی شارەزابوون لە سروشتی خاک و شێوەکەی، لەبەرزی و نزمی و داخران و کراوەیی بۆ دروستکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون دووپات دەکاتەوە، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ با کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ هەیە.

تۆپۆگرافیای خاکی زاگرۆسیش جۆری ژیان و شێوازی پێوەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەلەکەی دیاری کردووە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی ئەو سروشتەیە،

جوگرافیا کاریگەری لەسەر زمانیش هەیە، هەروەک جان بیاجێ دەڵێت کاتێک منداڵ لەگەڵ ژینگە جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکەی کارلێک دەکات و نەخشە بۆ گەشەکردنی زمانی دادەنێت، لەبەر ئەوەیە ئەو شوێنەی مرۆڤی تێدا دەژی سەرچاوەیە بۆ گەشەکردنی زمان، ژینگەی کوردستان هەر لە ڕووەک و گژوگیاوە بگرە، کە سەدان ناو و هێمایان هەیە، مایەی دەوڵەمەندکردنی زمانەکەن.

بەهەمان شێوە ناوی داروردەختی هەر ناوچەیەک و هەموو شتەکانی دەوروبەر کە چیا و دۆڵ و بان و دەشت و کانی و مێرگ و قەدپاڵ کە هەمووی چەمکی جیاواز دروست دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی ناوچەکە کە زمانی کوردییە، لە لایەکی ترەوە ئەفلاتوون (٦) وەک ئەوانەی پێشتر ئاماژەی بە کاریگەری جوگرافیا داوە لەسەر دروستبوونی دەوڵەت و دانیشتووان، هەروەها جۆری ژینگە و هەمەچەشنی، کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە، هەست و نەستی نەتەوەیی پێوەندیی بە خاکی نەتەوەیییەوە هەیە. کارل گۆستاف یۆنگ داهێنەری چەمکی کۆنەست پێی وایە مۆرکە سەرەتاییەکان ئاوێنەی شوناسی نەتەوەیین، مۆرکی سەرەتایی، یان ئارکیتایپ بریتین لەو بیرەوەری و ئەزموون و چەمک و هەست و بەسەرهاتەکانی مرۆڤ، یان ئەو تێڕوانینانەی ڕابوردووی مرۆڤ و دەیان پشتی پێشتری باوباپیرانی، ئەمەش بۆ ڕەگوریشەی نەتەوەییمان دەگەڕێنێتەوە، کە لە سایکۆلۆجیای نەتەوەییماندا لە ئەفسانە و هونەر و ئەدەب و شیعری شاعیران و بەسەرهاتی سەر ئاگردان دەردەکەوێت کە گێڕاویانەتەوە و بەرجەستە بووە.

سەرنج بدە زمان و فەرهەنگی کوردی کە چۆن ئەو ئارکیتایپانە بوونەتە بناغە بۆی، هەر لە زمانی (ئاڤێستا) و (سەرەنجام) و (مەسحەفا ڕەش) و زمانی شاعیرانی گەورەی کورد، نموونەی ئەوانەش ئەفسانە و بەسەرهاتی کوردانە دەگرێتەوە، لەوانەش داستانە کوردییەکانی وەک مەم و زین و لاس و خەزاڵ و دەروێشی عەبدی و زۆری تر لە بەرهەمی ئەدەبیاتی کوردی ئاوێنەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی نەتەوەیین کە لە ناوەرۆکیاندا وەسفی خاک و ئێش و ئازاری نەتەوەکەی پێوە دیارە.

نموونەی نوێ و زیندوو بۆ ئەم هەستە، کە تێیدا هەستی نەتەوەیی و خاک ئاوێزانی یەکتربوون زۆرن، سەدان و هەزاران داستان و ئەفسانەی خوڵقاندووە، کە تەواویان بۆ نەتەوەخوازی کۆمەڵگەی کوردی و نیشتمانەکەی دەگەڕێتەوە، هونەری موزیک و گۆرانی و لاوک و حەیران کە هەزاران بەسەرهات و ئەفسانە لە خۆی دەگرێت، ئاوێنەی چیرۆکی نەتەوەیی خاکی کوردستانن، ئاوێنەی شوێنێکن، هەروەک باشلار (٧) دەڵێت شوێن تەنیا دار و دیوار و خاک و خۆڵ نییە، بەڵکوو کۆمەڵە خەڵکێک و پێوەندی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی نێوان تاکەکانی دەگەیەنێت کە خێزانێک، یان کۆمەڵێک، یان نەتەوەیەک دەگرێتەوە.

(*) **لێکۆڵەری دەروونی.**

**پەراوێزەکان:**

(١) كينونة النسانة، اريك فروم، ترجمة محمد حبيب.

(2) http ;//ar.wikipedia.com

(3) http;//docs.google.com

(4) http;//www.hindawi.com

(5) Ai overview

(6) http;//mail.almerja.com

(7) http;//foulabook.com